# ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم لەکوردستان، دەرهاویشتەی کام ژینگەی سیاسی و کۆمەلآیەتی یە؟

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

لەگەڵ ئاشکرابونی باندی تیرۆرستی شیخ زانا،و زۆرجاری تریش لەئاکامی کردەوەیەکی درندانەو ناوازەی ئیسلامیەکاندا، بەتایبەتیش ئەوکردەوانەی کەڕاستەوخۆ دەسەلآتی کوردی دەکەنە نیشانە، دەیان باس و لێکدانەوە، ووتارو تەعلیق، بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵگای کوردستان دائەگرن، باسی هۆکارەکانی ئەم کردەوانە، سەرچاوەو ژینگەی سەرهەڵدانو زیادکردنیان، کۆمەکی ئەولایەنانەی کارەکەیان ئەنجامداوە، ڕێگای بەرگرتن بەدوبارەبونەوەیان و........تاد دەهێنرێنە گۆر، بەلآم زوو ئەم باس و خواستانە بەرەوخاوبونەوە ئەچن و لە جیاتی ئەوەی پەرەی پێبدرێت بۆ سازدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری فراوانی وەها کەگوشاری ئەوەندە زیادبکات تاکۆمەڵگا بەهێزی خۆیو داسەپاندی خواستەکانی تەسفیە حسابی خۆی لەگەڵ ئەم روداوانەو ڕەوتەکانیان جیابکاتەوە، بەزووی ڕەوتی رەخنە لە ئیسلامی سیاسی و ئیسلامیەکان تا ڕادەی باسی ئەکادیمی و گشتی دەهێڵرێنەوە و دیسان وەکو ئەوەی چاوەڕێی ڕوداو مەرگەساتێکی گەورەتری داهاتوبکرێت، ئەم رەوتی رەخنەو پەردەهەڵماڵینە لە ئیسلامو‌ئیسلامی سیاسی‌وکاروکردەوەو پەیامەکانیان هەڵدەگیرێت بۆدوای ئەوڕوداوەی هەموو لە چاوەروانیەکەیدا راوەستاون.

ئەمجارەش لەگەڵ ئاشکرابونی باندە تیرۆرستیەکەی شێخ زانا، هەروەکو روداوی خێڵی حەمە" سەرباری جیاوازی دوو روداوەکە" کەمپینێکی فراوان لە دژی ئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی و مینبەرو مزگەوتەکانیان دەستی پێکرد، کە تائێستاش درێژەی هەیە، دیارە مەبەستم لەو کەمپەینە کەمپەینی بەرەی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگایە، نەك کەمپەینی شل و شلوێ و سازشکارانەی قەڵەمە گرنگن و مۆڵەتپێدراوەکان و دەسەلآتی لانەی کۆنەپەرستی و دواکەوتووی.

ئەمە بۆ وایە؟ بۆ کەمپین و رەخنەکان لەگەڵ روداوە دڵتەزینەکان دەست پێدەکەن و پاشان تەواو ئەبن؟ بۆ درێژە پەیداناکەن تا رادەی کۆتاییهێنانی یەکجاری بەو مەرگەساتانەی ئیسلامیەکان ئەنجامی ئەدەن؟ بۆ ڕێگای تەسفیە حسابی یەکجاری لەگەڵیان ناگیرێتە بەر؟ وەسەرئەنجام چی بکرێت بۆئەوەی بۆهەمیشە دەستی دین لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتی کۆمەڵگا کۆتا بکرێت؟ و دەیان پرسیاری تر...

**ئایدۆلۆژیای ئیسلام، سەرچاوەو تەوجیهی تیرۆر**

بۆ بەرەی رادیکال و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگاو رۆشنبیران و قەڵەم بەدەستانی ئەم رەوت و بەرەیە، هیچ لەوە رۆشنتر نیە، کە دینی ئیسلام، کە مانفێستەکەی قورعان و حدیسەکانی پەیامبەری ئیسلامە، کە فتوادەرانی مەرجەع و مەلاکانن، کە پێرۆی سیاسیان و پراکتیکیان گروپ و رەوتە ئیسلامیەکانن، کە

بارەگا سەرەکی وناسراوو باوەکانیان مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانن، کەسەرچاوەی داهات و پارەوپوڵیان، تیرۆری ئابوری کۆمەڵگایە، ناکرێ یەکە بەیەکەی ئەمانە کە زنجیرەیەکی تێکهەڵکێشراوی سەرچاوەگرتون لەئایدۆلۆژیای ئیسلام، لە ڕوداوەکاندا بۆیان بگەرێین، بەڵکە روداوەکان بەرئەنجامی راستەوخۆی ئەمانەن، و ئەبێ لەسەرچاوەکەیانەوە، بۆی بڕوانین.

ئەوە کە بنەمای تیرۆریسم سەرچاوەکەی ئایدۆلۆژیایە، راستیەکی سەلماو وحاشتهەڵنەگرە، دینی ئیسلام، ئایدۆلۆژیاکەی" قورعان و حدیسە" کە لەسەر بنەمای کوشت و کۆشتارو تیرۆر بنیاکراوە، لەسەر بنەمای بێماڤ و زوڵم و زۆرو هەڵاواردن ڕۆنراوە، پایە ئەساسیەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە نەگۆرو دەستلێنەدراوە، ئەمە حوکم و بڕیاراتی هێزێکی ئیلاهی سەرو ئینسان، سەرو چینەکان، سەرو لێکدانەوەو رەخنەگرتنە، سەرو ئەزمەیە، دنیاو ڕێرەوی گۆرانی هیچ پەیوەندیەکی بە ئینسانەوە نیە، ئەوەی تەحەکوم بەسەر پانتای گۆی زەوی و ئاسمان و دەریاکانەوە ئەکات، ئەوەی نیزامی ژیانی هەموو زیندەوەرەکانی پێکهێناوەو شێوەی بەڕێوەچونی ژیانیانی دیاری کردووە، ئەوەی سەروەت و سامان دەدات و دەیبرێت، ئەوەی حەق و ناحەق دیاری دەکات،.... تاد، هەر ئەو قودرەتە ئیلاهیەیە، وەستانەوە بەڕووی هەرکام لەو بنەماو پایە سەرەکیانە، بەمانای وەستانەوەو رەخنەیە لە قدرەتی ئیلاهی و نوێنەرەکەی" پەیامبەری ئیسلام"، ئەمەش کفرە و دژایەتی قدرەتی قادر" خودا"ە!!.

بۆ ئەمەش لە پەیامی کوشت و کوشتار زیاتر شتێکی تر نیە،( قاتلو من اجل الله)، ئەم بجەنگن لە پێناوی خودادایە، جگە لە بجەنگن لە پێناوی دەسەڵاتدا هیچی تر نیە، چ ئەوکاتەی ئیسلام سەریهەڵدا هەر بۆئەمەبوو، چ ئێستا هەربۆئەوەیە، ئەگەر جیاوازیەك هەبێت تەنها ئەوەیە، ئەگەر ئینسانی سەردەمی زیاتر لە 14 قەرن پێش ئێستا لە ئاکامی پەی نەبردنی بەدنیاو ڕوداوەکانی، وەلەئاکامی نەزانی و داماوی ناچاربووە مل بە خورافەی ئیسلامی بدات و ئەگەر دژایەتیەکی کرابێت لەلایەن باڵەکانی تری خانەوادەی ئیسلامەوە بەکوشتار وەلام دراوەتەوە و شمشێرو سەرپەراندن وتیربارانکردن و بەغەنیمەتگرتنی سەروەت وسامانی بووە، ئەوا ئێستا هەر ئەو ئیسلامە دەیەوێ بەزۆر ئینسانی مۆدێرنی ئەم سەردەمە بە تیرۆرو کوشتار و خۆتەقاندنەوە بەسەیارەو تەیارە، و میترۆ تەقاندنەوە، بەبەکارهێنانی چەکی بایەلۆژی و.....بۆ داسەپاندنی دەسەڵات بەڕێوە ببات.

روداووکارەساتەکانی چەندیین دەهەی رابردوو بەتایبەتیش نزیك بە سێ دەهەی رابردوو، لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، گۆشە بەگۆشەی زەبرزەنگی ئیسلامی دنیای ئەم سەردەمەن.

ژینگەی تیرۆریزمی ئیسلامی لەکوردستان چی یە ؟

تیرۆری ئیسلامیەکان ئەوکاتە دەست پێناکات، کە تەقینەوەیەك ئەبیستین، کە لاشەی پارچەپارچە کراو ئەبینین، کە داروخانی کتێبخانەو ساڵۆنەکانی سینەماو شوێنەکانی گەشتوگوزار، شوێنەکانی مەیفرۆشی و میترۆکان و کۆشکەکانی ناوەنی بازرگانی و سەفارەتخانەو کونسوڵی.....دەبینین، وە ئەوکاتەدەست پێناکات کە سەیارەی بۆمبرێژکراو ئەتەقێتەوە، کە تیرۆری روناکبیران و شاعیران، گۆرانی بێژو، مخالفی یە سیاسیەکانی ئیسلام ئەبینین، کە تیزاب بارانکردنی ژنان ئەبینین، کە حجاب و سەنگسار قۆڵبڕین و ملپەراندن ئەبینین،...نا، بەرلەوە ئایدۆلۆژیاکەی ئەبینین، بەرلەوە تێکەڵاوی ئەوئایدۆلۆژیایە لە دەسەلات، لەحکومەت و دەوڵەتدا، لە پەروەردەو فیرکردن و یاساکاندا ئەبینین، کە لەدەیان بڵندگۆی جۆراوجۆرو لە

دەیان بنکەی بارهێنان، و لەناوخەرمانەیك لە پارەی بۆ هەڵڕژاو، لەهەلومەرجی نەخوازراوی ئابوری و پشتیوانی دەسەڵاتدا.......یدا تەوجیە دەکرێن، بۆیەش ئەبێت رەخنەو بەرامبەرکێکە لەدژی ئایدۆلۆژیاکەو بڵندگۆکانیەوە تادەگات بەبەرامبەرکێ یەکی کۆمەڵایەتی بۆی وەڕێ بخرێت.

بەر لەتەقینەوەکان و هەواڵی درندایەتیەکان، تەوجیهی درندایەتیەکە قێزەونترە، بائەمە سادەتر بکەمەوە، چ لەوە دڕندایەتی ترە، کەڕۆژانە یاسای دژی ژنی ئیسلامی دەمەزەرد ئەکرێتەوە، و ژنان دەبنەقوربانی تیرۆریزمێکی تەدریجی یاسایی و لە ژێر ناوی شەرەف و ناموسدا کوشتار دەکرێن، خۆ قوربانیانی ئەمانە سەد بەرابەری ئەو تەقینەوەو کارە ئیرهابیانەن کە ئێمە رۆژانە ئەیبینین، ئەگەرئەمە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاودراو بەئیسلاموشێخ زاناکان نیشان ئەدات، ئەبێ ئێمە بۆ شەری خۆمان لەدژی ئیسلام ودەسەلات، ئەوقوربانیانەی ژنان نیشان بدەین کەدەسەلات، پەردەپۆشی کردووەو بەرگی یاسایی پێداوە.

بەرلەوەی سەیارەی پارچەپارچەبوی تێکەڵاو لەلاشەی ئینسان رامان بچڵەکێنێ، دەبێ فتوای مەلاو ئاخوندەکان، مەرجەعەکانیان رامان چڵەکێنی کە بەرچاوی دەسەڵاتەوە، فتوای کوشتنی کەسانی پێشکەوتنخوازو رادیکاڵ و مەدەنی ئەدەن، دەبێ بەرلەوەی بۆنکرۆزی دارودرەخت و گوڵی سوتاوی سەیراگاکان هەراسانمان بکات، دەبێ بانگەواز و پەیامی ئیسلام لەدژی سەیران و گەشتو گوزارو مەینۆشین، کزە لە جەرگمان هەڵسێنێ،... درندایەتیەك و تەوجیهی تیرۆریك کە رۆژانە ئەکرێت، سەدئەوەندەی بارتەقای تیرۆرەکانە، تیرۆرەکان لە فتواکان کەمترن، تیرۆرەکان لە تەوجیهی تیرۆر کەمترن، تیرۆرەکان لە پەیامی تیرۆرەکان کەمترن، ...

کوشتاری کۆمەڵگا لە لایەن ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی بەرگری کەرلێیان بەر لە تیرۆرەکانیان دەست پێدەکات، و هەتا دەتوانین بڵێن تیرۆری سەرەکی و سەراسەری و هەمەگیرو هاوکات لەیەك ساتدا لە شوێنکی ترە، تەماشاکەن، چ شتێك لەوتیرۆرە گەورەترە، کە رۆژانە چەندین مزگەوت بەردی بناغەیان دائەنرێت، رۆژانە دەیان مەلا دادەمەزرێنرێن، کولیەی شەریعەو دەرسی دینی دەکرێنەوە، دەسەلاتیش ئەمە ئەکات، مەگەر ئەمە تیرۆری بەرفراوانتری کۆمەڵگا نیە کە بەرلە بزوتنەوەوکۆمەڵ و یەکگرتوو ئەنسار و..... دەسەڵاتی سیاسی ئەیکات؟

پێشوازی و تەشریفاتێك کە لەسەرانی ئیسلامی و کۆنەپەرستانی ئیسلام دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، تیرۆری مۆدیرنیزمی کۆمەڵگاو شەری خەڵکی پێشکەوتنخوازو مەدەنی نیە؟

پارەو پۆلێك کە تەرخانی مزگەوت و تەکیەو خانەقاکان، تەرخانی مەلاو کارمەندانی وردودرشتی تر ئیسلامی، تەرخانی مەرقەد و شیخ و مشایەخەکان، تەرخانی دوبارە بەرهەمهینانەوەی رەمزەکانی ئیسلام، تەرخانی بۆنەو یادە دینیەکان، کەسایەتیەکانیان، بەڕاستی تیرۆری ئابوری کۆمەڵگاو لوشدانی پاروەنانی برسی و بێکاری خەڵك نیە؟ تیرۆری بۆنەو یادە ئینسانی و پێشکەوتنخوازو ئینسانیەکان نیە؟ وە قوربانیانی سەد بەرابەری کارە تیرۆرستیەکانی تر نیە؟

دانی ملیونان دینارو دۆلار بە رەوتە ئیسلامیەکان، لەداهاتی خەڵکی کوردستان، بە راستی تیرۆری رەوتی مەدەنی و ئازادیخوازی کوردستان نییە؟ بەشداری پێکردنی ئیسلامیەکان لەدەسەڵاتدا، بەراستی تیرۆری هەرهەوڵێکی رەوتی مەدەنی نیە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و مەدەنی و ئینسانی؟

ڕێگەدان بە بڵاوکردنەوەی ختابە فتوائامێزەکانی مەلاتیرۆرستەکان سەر سیدیەکان، ریگەدان بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی بەئاشکرا هانی فتوا وکوشتار ئەدەن، کردنەوەی بارەگا بۆ ئیسلامیەکان، ڕێگەدان بە کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و.......... ڕاگەیاندنی جەنگی دژی ئینسانیەت و ئازادیخوازی نەبێت، چی تری ناو لێئەنرێت؟

تێکەڵکردنی دین لەگەڵ پەروەردەو فێرکردن و ژەهراوی کردنی مێشکی منالان و تازەلاوان بە ئاگری جەهەنەم و حۆری و شەرابی بەهەشت، و قارەمانانی سەردەمی ملپەڕاندنی ئینسان ......... دەبەرابەری تیرۆری جەستەیی کارەساتبارنییە؟ وە نەوەی ناتەندروست پێناگەیەنێت؟.

ڕۆژی پێنج جار بانگدان لە بڵندگۆی 4 میکرۆفۆنیەوە و هەراسانکردنی خەڵکێك کە بروایان بەدین نیە، یان ئەو منالانەی بەودەنگە لە شیرین خەوڕادەبن، ئەو ئینسانانەی نەخۆش و پەکەوتەن و پێویستیان بە پشو بێدەنگی هەیە، هەراسانتر و قێزەونتر نیە لەدەنگی ئەو ئۆتۆمبیلەی بە تەقینەوە پارچەکانی بەهەواد ئەچن؟

ئەمانە هەموو ژینگەی تیرۆرن، تەوجیهی تیرۆرن، وەبەر لە تیرۆری ناسراو باو، تیرۆری راستەقینەی کۆمەڵگان، لەدڵی ئەم تیرۆرەی کۆمەڵگادا، تیرۆرەکانی باندە ئیسلامیەکان مانای پەیداکردووە.

وە ئەم فرسەتە کەدەسەلات رەخساندویەتی بۆ ئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی، خۆیشی دەسەڵاتێکی تەڕاوی ئیسلامیە، بنەماو ژینگەی تیرۆرە، ئەو تیرۆرەی کۆمەڵگای هەراسانکردووە.

**دەسەڵاتی سیاسی و ئیسلام**

دەسەلاتی سیاسی لە کوردستانی عیراق لەدەستی یەکیتی و پارتیدایە، پارتی خۆی وەکو حزبێکی دیموکرات ناساندووە، یەکێتیش سۆسیال دیموکرات، با ببینین ئەمە چ درۆیەکی مێژوویە. چ پارتی کە خۆی بە حزبێکی دیموکرات لەقەڵەم دەدات، چ یەکیتی کە ئیدعای سۆسیال دیموکراتی ئەکات، نەك هەر ریعایەتی هیچ بنەمایەکی دیموکراتی ناکەن، بەڵکە ئەوەندەی بۆیان بکرێت و بۆیان کرابێت پێچەوانەی ئەمەیان بەهەزاران شێوە نیشانداوە، لەپەیوەند بە جیاکردنەوەی دین لە دەسەلات و حکومەت و لە یاساو خویندن و پەروەردەوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی باو، قارەمانانە وەستاوەتەوە، لە ئاودانی ئیسلام و دەمەزەردکردنەوەی و پیشوازی لە ئیسلام و ئیسلامیەکان و سەرانیان و ڕاخستنی فەرشی سور بۆیان دریغیان نەکردووە، ئەوکاتەی کە لەفەزایەکی تایبەتدا ئاگری دژی رەوتێکی ئیسلامی هەراسانیان ئەکات، هەرئەوکاتە باوەش و ئامیزیان بۆ پێشوازی لە رەوتێکی کۆنەپەرستی تر پڕە لەخواپەرستی و ئیسلامچێتی، ئەوکاتەی نارەحەت ئەبن بەوەی هێزیکی ئیسلامی کردەوەیەکی دژیان ئەنجامداوە، هەرئەوکاتە لە پێشوازی مەلاکاندا وەستاون، تاجارێك باسی مەدەنیەت و سکولاریزم و مافی مرۆڤ بەدەمیاندا دێت، هەرئەوکاتە بەکردەوە بەدەست لە پشتدانی ئایدۆلۆژیای ئیسلام و پێشوازی لە پەیامەکانی خوداو پەیامبەری ئیسلام و مەلا کەلەوشکەکان، نیشانی ئەدەن کە باسی مافی مرۆڤ و سکولاریزم تەنها گاڵتەجاریەکی راگەیاندن و فریوکاریەکی گەورەیە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان، .........تاد.

چ یەکێتی و چ پارتی بە ئیدعای دیموکراتی و سۆسیال دیموکراتیەوە، نامەو نوسراوەکانیان تائێستا بە بسم الله الرحمن الرحيم دەست پێدەکات، لە ژێر ناوی پاراستنی مقەدەساتی دینی و قەومیدا، دەستیان

به هەموو ئەو کەسافەتانەوە گرتووەو بەرگری لێدەکەن، کە سەرچاوەکەی دینی ئیسلام و دەمارگیری قەومی و عەشیرەت پەرستیە، هەریاساو بریارو پەیامیك بەرگری لە دیموکراسی و حەقی فەردو مافە مەدەنیەکانی ئینسان بکات، بەرگری لە ئیرادەی ئازادانەو راستەوخۆی ئینسان بکات، ئەم هێزە سوسیال دیموکرات و دیموکراتی یە ، بەوێنەی قارەمانانانی ناو میژووی ئیبسلام!! لەدژی دەوەستنەوە، لەهەموو مێژووی دورودریژی ئەم حزبانەدا، هەزاران جارو رۆژانە هەواڵی دەستگیرکردن، رفاندن، تیرۆر، هەرەشە......لە خەڵکی روناکبیر، رۆژنامەنووس، مامۆستای زانکۆ، هونەرمەند، گۆرانی بێژ، دەبیستین کە لە ژێردەسەلاتی حزبی دیموکراتی و سوسیال دیموکراتیدا بە رێوە دەبرێت، و زوربەشیان بەدەستی خۆیان دەکرێت، کەچی بەدەگمەن هەڵکەوتووە، مەلایەك راپێچی زیندان بکرێت، شێخێك بەر بە کەسافەتەکەی گیرابێت، بڵنگۆی مزگەوتێك داگیرابێت...تاد.

دەیان رۆژنامە دراون بەدادگاو داخراون، کە زوربەیان لەسەر ئەوە بووە، کە لەدژی کۆنەپەرستی ئیسلامی وکاروکردەوەکانیان ووتار، یان هەواڵێکیان، بلاوکردۆتەوە، لەولاشەوە دەیان رۆژنامە و گۆفار، دەیان بڵندگۆ بە پارەی دەمی خەڵکی لە لایەن ئەم حزبە بەناودیموکراتی و سۆسیال دیموکراتەوە، بۆیان هەڵرژاوە..

هەڵرشتنی پارەو داهات بۆ مەلاو کۆنەپەرستی ئیسلامی، بێبنە، کەچی پارە بۆ رۆژنامەی پێشکەوتنخواز و سکولار، بۆنوسەرانی ئازادیخواز دەستەمۆنەکراو، بۆ هونەرمەدان و داهێنەرانی دەیان بواری ئینسانی، گۆرانی و مۆسیقی و زانستی... نەك هەر نیە، بەڵکە بۆ بەرگرتن و بەرتەسککردنەوەی کارەکانیان ئیمکانیات هەیە.

ئەمە ئەو دووحزبە دەسەڵاتدارەن کە یەکێکیان دیموکرات و ئەویتریش سۆسیال دیموکرات، ریزێك نوسەرو قەڵەم بەستی کرِدراوو دەرباریش بێشەرمانە بەرگری لەم دەسەلاتو کاروکردەوەکانیان دەکەن، و هەروەکو مەلاکان ژەهری کۆنەپەرستی دەکەن بەسەری کۆمەڵگای کوردستاندا.

دەسەلاتی سیاسی لەکوردستاندا،و ماهیەتێك کە هەیانە، بەردی بناغەی ژینگەی تیرۆریزمی ئیسلامی و کۆنەپەرستی ئیسلامیە، گەرای کۆنەپەرستی ئیسلامی باشترین منداڵدان بۆگەشەکردنی دەسەلاتی ئەم دووحزبەیە.

بەرەی رادیکال و پێشکەوتنخوازی کوردستان، نوسەران و قەڵەم بەدەستانی سکولارو ئازادیخواز، ئەگەر بریار بێت ئیسلام بخەنە قەفەزی تاوانەکانیانەوەو دەستی لە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگا کۆتا بکەن، بەر لەهەموو شت ئەوەیە کە نابێ هیچ خۆشباوەریەکیان بەدەسەلاتی ئەم دووحزبە هەبێت، و ئەبێت ئەم دووحزبە بەوێنەی حزبی هەڵکێشراو لە کۆنەپەرستی ئیسلامی، بەوێنەی بەهێزکردنی رەوتە ئیسلامیەکان، بەوینەی سازدانی ژینگەی تیرۆر، ... بناسینن.

هاوکات دەبێ هێرش بۆ سەر ئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی، هێرشێکی هەمەلایەنەی بەردەوام بێت، نابێت لە روداوەکان و تیرۆرەکانەوە دەست پێبکات، دەبێ هێرش بۆ سەر ئیسلاموئیسلامی سیاسی لە ئایدۆلۆژیاکەیەوە لە تەوجیهی تیرۆرەکەیەوە لە ژینگەکەیەوە، دەست پێبکات، وە دەبێ ئەم هێرش و خەباتە دژی دین و ئیسلامیەکان، ببێتە سەرلەوحەی خەباتێکی هەمەلایەنەی بەرەی پێشکەوتنخوازی

کۆمەڵگا، کە هەم دەستی ئیسلامیەکان لە سەرژیانی خەڵك کۆتا بکات و هەم دەسەلاتی سیاسی بخاتە ژێر گوشارێکی واوە، کەدین لەدەسەلات جیابکاتەوە.
وە یەکێتی وپارتی دەبێ گوشاری جەماوەریان بخرێتە سەر یان ناوی خۆیان بگۆڕن، بە پارتی ئیسلامی کوردستان ویەکێتی ئیسلامی کوردستان، یان دەبێت دین لەدەوڵەت و پەروەردەو خوێندن و یاساکان جیابکەنەوە، دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان و بەرەی پێشکەوتنخواز لەکوردستان لەو راستیە دڵنیا بن، کە یەکێتی وپارتی بەبێ گوشارێکی بەهێزی جەماوەری دەستی دین و ئیسلامیەکان و تیرۆر لەسەرسەری کۆمەڵگا لانابەن.

2005-8-14